# خەباتی حککع و خەڵکی شارەبان نموونەیەکی زیندووە

فەسادی ئیداری و بەتاڵان بردنی داهاتی خەڵك یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سیناریۆی ڕەش لە عێراق کە لەلایەن ئەحزابی قەومی و دەستەوتاقمی ئیسلامی و ئیدارەی سەپێنراوەوە بەسەر هاوولاتیاندا فەرز کراوە , ئەم دەستەوتاقمە یاخود ئەم باندانەی کە ئەمڕۆ لە سایەی داگیرکاری ئەمەریکاو سەرگەردا نیەك لە ئاستی سەراسەریدا عێراقی تێکەوتووە توانیویانە بەتووندی دەستی تالانچیەتی و پەراوێز خستنی ئیرادەی خەڵك لە گەردن و ملی خەڵك بئاڵێنن و هەرچی سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکە بە ئاشکرا دەستی بە سەرا بگرن و بەم کارەیان لەپێشت برسی بوون و نەبوونی و موحتاج بوون بە سەرتایترین پێداوویستی ژیان لە چەشنی ئاو , کارەبا , دەرمان , خوێندنگا , شەقام , پاك وخاوێنی هتد ئەمانە ملیۆنها دینار و دۆلاریان کەڵەکە کردووە بەبێ لێپرسینەوە , تەنانەت بە ئاستێك گەشتووە کەسانی یەکەم لە وەزارەتەکان کە وەزیرن بەرپرسن لەم کارانە , فەسادی ئیداری و بەرتیل و ناردنی ئەو پێوویستیانەی کە بڕیارە لە ڕێگای دەزگا خزمەت گوزاریەکانەوە بەدەست خەڵك بگات بۆ سەر شەقامەکان و شۆستەکانی بازاڕی ڕەش هەر لە دەرمان و کتێبی قوتابخانەو بەنزین و نەوتەوە تاکو شەهادە و دەفتەر نفووس و موعامەلەی سەفەر , پێدەچێت دەسەڵاتداران لە پرۆسەی بە دیموکراتیەت کردنی عێراقدا ڕێگەی دوور بۆ هاوولاتیان نزیك بکەنەوە لەبری ئەوەی بچیت بۆ دەرمانخانە حەب و شوربەکەت وەربگری ئەتوانی لەبەردەم ماڵی خۆتان لە سەرتاشەکەی دراوسێتان بیکڕی , ئەم دیاردە دزێوە بەجارێك ئیدارەکانی عێراقی گرتۆتەوەو خەڵکی هیلاك کردووە , ئەم دیاردەیە لەیەکێك لەشارە کان بەناوی شارەبان بە سەرپەرشتی قائیمقام و ئەحزابی قەومی و ئیسلامی و مەجلیسی شارەوانی دروست کراو بە ترۆپکی خۆی گەشت و جامی نارەزایەتی خەڵکی پڕ کرد , حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە شاری شارەبان بۆ ڕابەری کردنی ئەم نارەزایەتیەو هێنانەدەرەوەی ئیرادەی خەڵك لە بەرێوەبردنی کارەکانی خۆیان هاتە مەیدان و شان بەشانی خەڵك بۆ وەڵام دانەوە بە راوروتێك کە بەرانبەر خەڵك دەکرێت بزووتنەوەیەکی جەماوەری وایان خولقاند کە بۆ یەکەم جارە لەم شارەدا خەڵك ببینێ کە ئیرادەی یەگرتووی حیزبی رابەر و خەڵکی نارازی چ بورکانێك دروست دەکات بە رووی دەسەڵات و ئەو ئیدارانەی لە سەرو خەڵکەوەو بەناوی خەڵکەوە دروست کراوون , حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەشارەبان کە نوێنەرایەتی کۆمۆنیزم و ئینسانیەت دەکات لە مەنصور حیکمەتەوە فێربووە کە دەبێت ئیرادە بگەرێتەوە بۆ ئینسان , خەباتی حککع و خەڵکی شارەبان خەباتێکە بۆ گەشتن بە ژیان و ئاوات و ئارەزوویەکی ئینسانی و دنیایەکی باشتر , ئەم خەباتە وەك دوو دەستی لێك هەڵپێکراوی یەك بزوتنەوەی نارازی و جەماوەری بەردەوام لە گەشەو پێشکەووتندایە و ڕۆژ بە ڕۆژ جەماوەری نەفرەت گر لە قایمقام و ئیدارە و شارەوانی بە ڕابەری حککع بەنی کۆتای هێنانی بەم سیناریۆیە تووندتر دەکات و ئەم نموونەش زیاترحککع و خەڵی ئاوێزان کردووە , ئەم حاڵەتە قسەیەکی ڕابەری کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنسوور حیکمەتم دێنێتەوە یاد کە ووتی ئەگەر ئەتانەوێ رابەر بن دەبێت ڕابەری خەڵك بن دروست بە کردەوە حککع قسەکەی ڕابەری مەزنی خۆی بە کردووە دەر هێنا , قائیمقام و حیزبی دەعوا و مەجلیسی ئەعلا و یەکیەتی و دەسەڵاتداران کە لە ڕابەری کردنی حککع و نارەزایەتی پڕبووی خەڵك بێزارن و دەزانن خەریکە بەرەی ژێر پێیان دەردەهێنرێت و سەریان دەدات لە زەوی چەندین سیناریۆی نا ئینسانی و سەرکووتگەرانەیان بە ڕێخستووە بۆ پاشەکشەکردن بەو موقعیەتەی حککع و خەڵك پێیگەشتوون , هەرەشە کردن و فتوای سەربڕین , تەقە کردن لە بارەگای حککع ,چاو سوور کردنەوە لە خەڵك , پیلان گێران بۆ داخستنی بارەگای حککع , چوونە سە ماڵی

خەڵكانی دڵ گەرم و توورە لە قائیمقام و دەستەو دائیرەكەی , ئەم كارانە نەك حككع وخەڵكی نەترساندووە بەڵكو چاوی ئومێدی زیاتریان بڕیوەتە خەباتێك كە دەستیان داوەتێ , پیلانەكانی ئەم تاڵانچیانە وەك ئەو تەڵەیە وایە كە هەتا هێزی لێبكەیت تنتر دەبێت , فراوانی نارەزایەتی و یەك ڕیزی و یەك دەستی حككع و خەڵك بە جۆرێكە كە قائیمقامی شارەبان بۆ چەند ڕۆژێك خۆی شاردۆتەوە تاكو لە دەست جامی پڕ بووی نارەزایەتی حككع و خەڵك ڕزگاری بێت , نارەزایەتی خەڵك و رابەری حككع هەر بەردەوامە بەڵام ئەم جارەیان دەسەڵاتدارانی ئەم شارە لە كردەوەیەكی ڕەزیلانەو ناشیاودا لە ڕێگەی پۆلیسەوە هاوڕێ سالم فرحان بەرپرسی حككع لەو شارە دەست گیر دەكەن بە نیازی كپ كردنەوەی دەنگی بەرزی نارەزایەتی بە رانبەر فەسادی ئیداری و تاڵانێك كە قائیمقام و ئەحزابی قەومی و ئیسلامی دەستیان داوەتێ بەڵام ئەم هەوڵە نەزۆكەو ناتوانێ بەر بە ڕابەری و ئامادەی حككع و یەكڕیزی خەڵكی شارەبان بگرێ خەباتی حككع و خەڵكی شارەبان نموونویوكی زیندووە لە ڕووبەڕووبوونەوەو هێنانە دەرەوەی ئیرادەو ئاراستە كردنی جەماوەر بەرەو ئاسۆیەكی سۆشیالیستی و ئینسانی با ئەم نموونەیە لە سەرجەم شارو شارۆچكەكانی تری عێراق بە دەستەوە بگرین .

بژی خەباتی خەڵكی شارەبان بۆ ژیان و ئاوەدانی

بژی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق

با هەوڵەكانمان یەكخیەین بۆ پشتیوانی لە خەڵكی شارەبان و ئازاد كردنی هاوڕێ سالم فرحان

بژی هەمووومان

هیدایەت مەلا عەلی